کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-8-2007 16:55بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## کی ئەتوانێت لەدەسەلات بپرسێتەوە؟ ... هەردی شەفیق

دەسەلآتی کوردی ئەگەرچی بەروبوومی شۆڕشی کوردەو لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە هاتووەتە ئاراوەو خەڵك بۆخۆی ئەم دەسەلآتەی خوڵقاندووە. لەناو جەرگەی ئازارەکانی کورددا لەدایك بووە. هەمووومان ئەو ڕاستیە باش دەزانین خەڵك بەچی گورو تینێکەوە بەگژی دەسەلآتی بەعسدا چوو کەخەڵکی لەچوارچێوەیەکدا زیندان کردبوو دەیویست پشت لەزمان و کلتوری خۆیان وکورد بوونی خۆیان بکەن. لەدوای ڕوخانی ئەم دەسەلآتە نەگریسە هێشتا زۆرێك لەکێشەکانی ئەو سەردەمە بەزەقی ماونەتەوە و لەدەسەلآتدا بوونی هەیە. بۆنمونە کەس نەیئەتوانی بەبەرپرسێکی بەعس بڵی پشتی چاوت برۆیە ئیسَتا ئەتوانیت بەتەواوی ئازادی خۆت ڕەخنە بگریت بەڵام کێشەکە لەوەدایە کەس گوی بۆڕای میللەت ناگری و هیچ لێپرسینەوە یەکیش نیە بتوانێت ئەوگەندەڵیە بنەبڕبکات کەبەشێکی زۆری سامانی ئەم میلەتە کەس نازانێت چی بەسەردێت. ئەگەر ورد بینەوە ئێستا بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی هەردوو گەمارۆی



ئابوری ڕژێمی بەعس ونەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە هێشتا لەزۆر ڕووەوە ئەو سەردەمە ژیان باشتربوو لەئێستا خۆئەگەر ئەشڵێن ئەوکاتە ئەو هەموو موچە زۆرو زەوەندە نەبوو، ئەو هەمووپارە ڕژاندنە نەبوو، ئەوا بەبەراوردی ئەوسەردەمە (300) هەزارەکەی ئێستا هەمان (200) دینارەکەی جارانە ئەگەر لەنرخی بازاڕەوە سەیربکەین. ئەگەرژمارەی سفرەکانیشی حساب بکەیت ئەوا بەشی تاقیامەت ئەکات! سەیرکە هەرلە ڕۆژنامەنوسیەوە قۆرخ کراوە تادەسەلآتە گەورەکان هەرهەمووشی بووە بەمەیدانی تەراتێنی گەندەڵی وتەنها شتێك ئەبێت بەژێرپێوە مافی فەقیرو هەژارو مافی ئەوخەڵکەیە کەنایەوێت مافی کەسی تربخوات و یان دەسەلآتی نیە مافی کەسی تربخوات. بەرزترین دەسەلآتیش ناتوانێت بە بەرپرسێك بڵێت ئەری کاکە خۆئەو خەلکەش مرۆڤن و ئەگەربەزەیت بەو ڕابردوەی خۆت و خەلکدانایەتەوە ئەو هەمووعەزابەی پێوە کێشراوە و ئەو هەموو خوێنەی لەپێناودا دراوە ئەوا بەزەیت بەو داهاتووەدا بێتەوە کەلێت بقەومێت جگە لەو خەڵکە کەسیترنیە بەرگریت لێبکات.

خەڵك دادی خۆیان بەرنەلای کی پشکی نەبێت لەدروست کردنی ئەم وەزعەدا و دەسەلآتی بەسەر ئەم وەزعەدا بشکی؟ئێوەی شۆڕشگێڕەکانی دوێنی کەشان بەشانی خەڵکی هەژار لەسەنگەرەکانا بوون ئێستاتان شەرم لەدوێنێتان ئەکاو دوێنێش لەئێستاتان. تۆ کەدەنگ هەڵبڕینی خەڵك بەگەورەترین مەترسی ئەزانیت ئەوەش بزانە ئەوگەندەڵیە دروستی ئەکات کەتۆ بچوکترین بەرژەوەندی خۆتت خستوەتە پێش بەرژەوەندی وچارەنوسی میلەتێکە وە.

ئاخرئێوە جگەلەخەڵکی کوردستان کێتان هەبوو پشتی پێببەستن. تاکەی خەڵك خزمەتی حیزب بکات و بیرێك لەوەنەکرێتەوە حیزب خزمەتی حوکومەت و خەڵك بکات؟ئایالەم وڵاتە یاسایەك هەیە لەهەموو کەس و دەسەلآتێك گەورەتربێت یان گەورەترین دەسەلآت هی حیزب و بەرپرسەکانە نەك حوکومەت و یاسا؟تاکەی بیرێك لەحاڵی ئەم میلەتە ناکرێتەوە پارەی کەیف وسەفای بەرپرسان زۆرێك لەکێشەکانی ئەم میللەتە چارەسەرئەکات. سەیرکەچۆن خەبات وقوربانیدان لەشەڕی سەنگەرەکانەوە بوەتەکی بەرکی ی خانو ڤێلاو کۆمپانیاو پارەی بانقی هەندەران و ئەو خەڵکەش تادێت گوزەرانیان سەخت ئەبی.

Jgarsoz8181@yahoo. com
http://www. saidsadiq. net/hardi. htm

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.